Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

| Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî<br>Jimar: 5 Mijdar 2021 | | International Journal of Kurdiname<br>Issue: 5 November 2021 |
|---|---|---|

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname **E-ISSN**-2687-5438

# درکە و خواستن، خستەڕووی واتاشاراوەکانی دەق بەنموونە دەقە شیعریەکانی ئەحمەد موختار جاف[1]

(METAPHOR AND BORROWING: DISCLOSING HIDDEN MEANINGS OF TEXT: AHMED MUKHTAR JAFF AS AN EXAMPLE)

Hemn Karim M. SALIH[2]
Ahmed Mohammed RASHEED MEERA[3]

**Article Type:** Research Article // Gotara Lêkolînî
**Received // Hatin:** 18.07.2021
**Accepted // Pejirandin:** 07.10.2021
**Published // Weşandin:** 30.11.2021
**Pages // Rûpel:** 97-112

This work is licensed under the Creative Commons Attribution International License (CC BY 4.0).http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

**Citation/Atif:** M. Salih, Hemn Karim and Rasheed Meera, Ahmed Mohammed(2021). Bîblografyaya Helbesta Kurdî Ya Klasîk A Ekola Baban, *Kurdiname*, no. 5, p.97-112

**Plagiarism/Întîhal:** This article has been reviewed by at least two referees and scanned via ithenticate plagiarism website // *Ev gotar herî kêm ji alîyê 2 hakeman va hatiye nirxandin û di malpera întîhalê ithenticate ra hatiye derbaskirin.*

## کورتە:

خواستن و درکە، یەکێکن لەو بابەتە ڕەوانبێژیانەی کە زۆربەی شاعیرانی کلاسیك، بۆڕازاندنەوەی سەلیقەی شیعری و پێدانی شیعریەت، تێکستە شیعرییەکانیان بەم هونەرە ڕازاندۆتەوە، ئەم هونەرانەش دەچنە خانەی زانستی ڕوونبێژییەوە، خواستن و درکە لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەیە، لە سەر گرنگترین و دیارترین و بڵاوترین زانستی ڕەوانبێژیە، ئەویش چەمکی ڕوونبێژییە لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جافدا، ئەم زانستەش هەرسێ هونەری چواندن و خوازە تیایدا بە تایبەتی (خواستن) و هونەری درکە دەگرێتەوە، هەریەك لەو هونەرانە بە کۆڵەکەی دروستکردنی وێنەی هونەری و پێدانی شعرییەت دادەنرێت لە دەقی ئەدەبیدا بە تایبەتی شیعر، ئەحمەد موختار جاف یەکێکە لە غەزەل بێژە کلاسیکیەکانی ئەدەبی کوردی، وەك یەکێك لە پایە دیارەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و ئەدەبی نوێ واتە هەردوو قۆناخی کۆن و نوێ دادەنرێت، بەکارهێنانی ئەم جۆرە هونەرانە نەك پشتگوێی نەخستووە، بەڵکو زۆر ورد و چڕتر و هونەرییانە بە پاشخانێکی ڕەوانبێژییانەوە دیوانەکەی پێ بەهێزتر و کاریگەرتر کردووە. لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە، ئەحمەد موختار بەپێی ئەزموونی شیعری خۆی خواستن و درکەی دابەش کردووە بەسەر پێکهاتە خەیاڵیەکاندا، بەکارهێنانی وەك تەنزئامێز لە هەندێ نموونەدا بەکاری هێناوە ، بەم هونەرانەی خواستن و درکە، توانیویەتی شیعرییەت لە شیعرەکانیدا بخاتە ڕوو، بە وەرگرتنی بیرۆکەی ئەم جۆرە هونەرانە لە هەندێك لە شاعیرانی پێش خۆی برەو بەنوسینی شیعری خۆی بدات و داهێنانێکی کەمتر بکات لەم بوارەدا، لەچاو هەندێ لە شاعیرانی پێشخۆیدا، ئەوەی جێگای پرسیار و تێرامانە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە چۆن خواستن و درکەی بەکارهێناوە؟ گرنگترین ئەو پەیوەندییە مێژووییە کەلە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە و زیاتر بۆ دەوڵمەند کردنی لێکۆڵینەوە کەمان بەسودە بە تایبەت لە بواری خواستن و درکەدا کە یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی. لە بەشی یەکەمدا تیشکمان خستوەتە سەر هونەرەکانی درکە و خواستن لە ڕوانگەی شیعرێتی دەقەوە، لە بەشی دووەمدا شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف بە پێی ئەو هونەرانە ڕاڤە دەکەین.

**وشە کلیلییەکان:** ئەحمەد موختار جاف، ڕونبێژی، درکە، خواستن.

---

[1] ئەم توێژینەوەیەم لە نامەی ماستەرەکەم وەرگرتووە بە دەست کارییەوە، چون نامەی ماستەرەکەم بە کرمانجی بە پیتی لاتینی نوسراوە و دوبارە تەرجومەی سۆرانیم کردوەتەوە..

[2] Dr., Zankoya Halebçeyê, Fakulteya Perwerdeyê ya Şarezorê, hemn.kareem@uoh.edu.iq, https://orcid.org/0000-0003-0627-8698.
[3] Dr., Zankoya Halebçeyê, Fakulteya Perwerdeyê ya Şarezorê, ahmad.mira@uoh.edu.iq, https://orcid.org/0000-0003-2607-5521.

## Kurte

Metafor û îronî du ji wan amûrên retorîkê (rewanbêjiyê) ne ku helbestvanên klasîk ji bo xemilandina helbestên xwe bi kar tînin. Ehmed Muxtar Jaff wan wekî mijarek ji bo gotarekê bi kar aniye û îdîa dike ew amûrên retorîkî yên herî girîng, herî berbelav û herî zêde di helbestên wî de têne bikaranîn. Ehmed Muxtar Jaff van hemûyan ji bo bidestxistina Runbejiyê di helbestên xwe de bi kar aniye. Û Runbejî mînandin (simile) û alegorî bi taybetî metafor û îroniyê din av xwe de dihewîne. Her yek ji van amûran ji mijarên edebî bi taybetî ji bo helbestê rawestgeha çêkirina fîgurên helbestî û dayina wêneya helbestî ye.

Ehmed Muxtar Jaff yek ji helbestvanên klasîk ên edebiyata kurdî ye û di asta kevn û nû ya dibistanên edebiyatê de wekî ciyê hevpar tê dîtin. Wî tu carî bikaranîna amûrên retorîkî îhmal nekiriyê, lê di heman demê de girîngiyeke mezin li bikaranîna wan bi tevahî û rast girtiye û bikaranîna wan xebatên wî xurtir kiriye. Ji ber vê yekê ji bo analîzê wî ji me re rêyên nû û dubarekirina adetên edebî di çarçoveya binyadên xeyalî yên ku wî dîzayn kiriye aniye. Di vê lêkolînê de, em li ser analîzkirin û berawirdkirina metafor û îroniya helbestên wî disekinin û herwiha em ê encamên lêkolîna navborî parve bikin.

Li ser serpêhatiyên xwe yên helbestî, Ehmed Muxtar Jaff îronî û metafora ku bi kar aniye li ser binyada xeyalî dabeş kiriye û wekî mîzah bi kar aniye û bi saya wan karîbû fîgurekî helbestî di helbestên xwe de derxe. Wî ev yek ji bikaranîna helbestvanên beriya xwe girtiye û ji berhemên wan versiyoneke nû çêkiriye. Çavkaniya fikir û lêpirsîna me ew e ku li gorî helbestvanên beriya xwe wî metafor û îroniyê çawa bi kar aniye? Pêwendiya dîrokî ya herî girîng a ku di helbestên helbestvanên berê de dixuye, ji bo dewlemendkirina lêkolîna me bi taybetî di warê îroniyê û metaforê de ewqas kêrhatî ne.



## Abstract

Metafhor and Irony are two of the rhetorical devices that are used by classical poets to decorate their poems .Ahmad Mukhtar Jaff has used them as a topic for an essay arguing that they are the most important, the most common and the most used rhetorical devices of his poems. Ahmad Mukhtar Jaff used all these to attain Runbezhy in his poems. And Runbezhy contains simile and Allegory especially Metafhor and irony. Each of these devices is the standing of making poetical figureS and to give poetical picture to the literary topics especially poetry. Ahmad Mukhtar Jaff is one of the classical poets of Kurdish literature and is counted as the common standing of both old and new levels of literary schools. Not only he has never ignored using the rhetorical devices but also took a great care about using them fully and properly and he strengthened his works through using them.That is why for analyzing he brought us ways to invent and repeat the literary customs in the imaginary structure frames he designed. Here we focus on the analyzing and comparing metaphor and irony in his poems and we are going to share the results of the study. Upon his own poetical experiences Ahmad Mukhtar Jaff has divided irony and metaphor upon the imaginary structures and used them as humor and through these he could give poetical figure to his poems. He made this by relying on the uses of the previous poets who lived before him and created a new version out of their works. What is our source of thinking and questioning is that how did he use metaphor and irony compared to the poets lived before him? The most important historical relationship that is shown in the poems of the previous poets is so beneficial to enrich our study especially in the field of irony and metaphor.


## 1_ پێشەکی:

ڕازاندنەوەی وتە هەر لە کۆنەوە جێی سەرنجی شاعیران و نووسەرانی هەموو نەتەوەیەک بووە. شاعیر یان نووسەر زیاتر هەوڵ دەدات وتەیەکی ڕەوان، پاراو و دوور لە هەر جۆرە دژواری و کەم وکوڕی ئاراستە بکات، چ بە شێوازی شیعر بێت، یان پەخشان. کاتێک زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی نەتەوەیەک لەگەڵ زمانی شاعیرانیان بەراورد دەکەین، بەو ئەنجامە دەگەین، لە ڕوانگەی شاعیراندا دونیا و دیاردەکانی جارێکی دیکە خوڵقاونەتەوە و بە ناوی نوێ ناودێر کراون، بۆیە وەختێک دەقێکی ئەدەبی، یان دێڕێکی شیعری دەخوێنینەوە، ئەوەندە لە ناوەکاندا هەست

به جیاوازی دەکەین وادەزانین بەهەڵەدا چووین. جیاوازییەکان تەنیا لە ناوەکاندا نییە، بەڵکو پەیوەندی و پێگە و کردەوەکانیش بە شێوازێکی تر و جیاواز لە باری ئاسایی وێنا کراون.

شاعیر دونیا و سروشتی دەڤەری ژیانی بە چەشنێکی تر و جیاواز لە ڕوانینی مرۆڤەکانی تر دەبینێت و باسی دەکات، بۆیە دونیایەکی زەینی و دەروونی و زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە. بێگومان جیاوازی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاخافتن بەهۆی وشە و زاراوە و دەستەواژەکانەوە نییە کە لە زمانی ئاخافتنن، یان خود لە زمانی شیعریدا بەکاردەهێنرێن، بەڵکو بۆ شێوازی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لەناو دێڕەکاندا دەگەڕێتەوە. زمان، لە شیعردا و لە جەستەی دەقێکی شیعری بە ئیلهامێکی سیحراوی بەرجەستە دەبێت. زمانی ئەدەبی بە هەر شێوازێک بێت، لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی قوڵترە و جوانتر و کاریگەرترە. ئەو جیاوازییە، یەکەم بەهۆی ڕەنگدانەوەی ڕازەکانی زانستی ڕەوانبێژیی، ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی، دەبێتە هۆی دروست کردن و بەدیهاتنی وێنەی شیعرییە کە هەست و جوانی بە زمان دەبەخشێت و تێکەڵاوی زمان دەبێت.

ڕەوانبێژی، بریتییە لە وتەی جوان، ڕەوان و کاریگەر، کە لەگەڵ بارودۆخی گوێگر یان خوێنەر بگونجێت، بۆ ئەوەی مەبەست بە ڕوونی بە خوێنەر بگات و چێژی پێ ببەخشێت. زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی لەو هونەر و بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە هۆی ڕەوانی، جوانی و کاریگەری وتە و پاراستنی لە لێڵی و شێواوییە. زانایانی ئەدەبی بە کۆی سێ زانستی: واتاناسی، ڕوونبێژی و جوانکاری ڕەوانبێژیی ئەدەبی دەڵێن: ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم زانستە وەک زۆربەی زانستەکانی دیکە وڵاتی یۆنانە. ئەرستۆ بە نووسینی کتێبی هونەری شیعر بناغەی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی داڕشت و سەلماندی نە تەنیا لە داهێنانی فەلسەفەدا، بەڵکو لە پێناسەکردنی زانستی ڕەوانبێژیش پێشەنگە. وەرگێرانی دوو کتێبی الخطابە و فن الشعر لە زمانی سریانییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی سەرەتای ناساندنی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بە ئەدەبیاتی عەرەبی و تەنانەت ئەدەبیاتی فارسیش بووە.

ناوی تەواوی شاعیر ئەحمەد موختار جافی کوڕی وەسمان پاشای گەورەی جافە، کوڕی محەمەد پاشای کەیخوسرەو بەگە (ڕەفیق حیلمی، 1941: 13). هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، لە ساڵی 1316 هیجریدا کە دەکاتە 1898ی میلادی لە دایك بووە، لەساڵی 1935 دا مەفرەزەیەك دروست دەکات و دەچێتە چیایی باڵامبۆ، ئینگلیزەکان لەو کارەی ئەحمەد بەگ زۆر ئەترسن، بۆیە لە ڕێگەی سیخورەکانیانەوە بۆسەیەکی بۆ دەنێنەوە، هەر لەوێدا شەهیدی دەکەن، پاشان تەرمەکەشی دەخەنە ئاوی سیروانەوە، واتە هەر ئەو ساڵە دەبێتە مەرگی شاعیر.

ئەحمەد بەگ یەکێکە لە شاعیرە دیار و ناسراوەکانی گەورەترین قۆناغی ئەدەبیاتی کوردی کە ئەتوانین بڵێین: لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی و سەرەتای ئەدەبیاتی نوێ جێگاو دەستی دیارە، لەسەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوتووە، بەزاری ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە شیعری نوسیوە، درەوشاوەی و ناوداری ئەم شاعیرە بۆ هۆکارگەلێکی بڵاو دەگەڕێتەوە، لەوانە چڕی و وردەکاری لەزمانی شاعیرداو لادانە سینتاکسییەکان و بەکارهێنانی لەهجەیەکی دروست لە زمانی ئەدەبی کوردیدا. لە شیعرەکانیدا کردوویەتی بووەتە هۆی دروست بوونی شیعریەت، بەکارهێنانی ئەو هەموو وێنە هونەری و خەیاڵیانەی کەشاعیر بەهۆی وێنە بیستراو بینراوەکانەوە بەرجەستەی کردوون. دواتریش (ئەحمەد) بەگی شاعیر وەك ڕۆشنبیرێکی شارەزا لە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی هەروەها کەمێ لەزمانەکانی دیکەی دراوسێیکانی کوردی زانیوە، بایەخێکی زۆری بەڕەوانبێژی عەرەبی داوە بێگومان ئەو ڕەوانبێژییە لە ئەدەبی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە) (خەزنەدار، 2010: 212).

## 2_ بنەمای تیۆری:

ڕەوانبێژییە دەربڕینی ماناو مەبەستە بە وشەی ڕەوان وگونجاو لەگەڵ باری پێویستی کەسی بۆوتراو ناساندنی ڕەوانبێژی، چەمکی ئامۆژگاری ئەو کوردەیە کە بۆ قسە ڕەوانی کورەکەی دەڵێت: قسە بگێژە، بیبێژە، بیوێژە. واتە ئەگەر ویستت قسەیە بکەیت دەبێت قسەکەت وەك چۆن گەنم لەپێشدا لە سەرەتاوە لە بێژنگ دەدەیت بۆ ئەوەی گەنمەکە پاك و پوخت بێت بۆ لە ئاشکردن و هاڕینی بە ئارد بە هەمان شێوەش قسە دەبێت لە پێش دەربڕین پوخت بکرێت بۆ ئەوەی شایستە و جوان و گونجاو لەباربێت، قسەکردن بەمشێوەیە دەبێت لای کورد واتە هەر لە کۆنەوە قسە ڕەوانی لا مەبەست بووە. کەواتە: ڕەوانبێژی لای کورد لە ئەدەبی فۆلکلۆری بەرجەستە دەبێت (محسین ئەحمەد مستەفا، 2013: 11). ڕەوانبێژی هەروەك زانستەکانی ئەدەب هەر لەکۆنەوە لەوکاتەی ئادەمیزاد هاتوەتە دونیاوە بەو دەربڕینانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بۆ جێبەجێکردنی ئیش و کارەکانیان بەو وشە و دەربڕینانەی کە لە دەمیان هاتوەتە دەرەوە تێکەڵی سۆزێك بووە، جا ئەو سۆزە سەرەتا نەتوانراوە درکی پێبکرێت، تاوای لێهات سات بەسات هەست بە بوونی دەکرێت، ئەدەبێك لەدایك دەبێت و دێتە ئاراوە، بۆیە لێرەدا ئەوە ڕوونە سەرەتا ئەدەب هەبووە و دواتر بابەتە ئەدەبیەکانی تر لە دایك بوون و خۆیانی تێدا بینیوەتەوە ڕوانبێژیش یەکێکە لەو بابەتانەی ناو ئەدەب کە سەری دەرهێناوە و لە دایك بووە. یەکەم کەس کە ئاماژەی بە هەندێ هونەری ڕوانبێژی کردبێ( ئەرستۆ)یە ئەویش لە هەردوو کتێبەکەی هونەری شعر، هونەری دوان، ئەرستۆ سەرەتا کەهات لە دەقە ئەدەبی و سیاسیەکانی کۆڵییەوە شانۆ نامە و خیتابە بوو، لێرەوە بۆی دەرکەوت ئەم دەقانە بە سود وەرگرتن لە هونەرەکانی ڕوانبێژی بەهێزتر و جوانتر ئەبن (ئیدریس عبداللە، 2012: 9). هەر لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە توانرا تێکستی بەرهەمی هونەری باش لە تێکستی خراپ جیابکرێتەوە. لە ژێر چەمکی ڕەوانبێژیدا هونەرێکیترمان هەیە ئەویش هونەری ڕوونبێژییە.

## 3_ ڕوونبێژی:

لەم توێژینەوەدا زیاتر جەخت دەخەینە سەر ئەم هونەرەی ڕەوانبێژی کە ڕوونبێژییە ئەمیش چەند بابەتێك لە خۆدەگرێت (لێکچواندن، خوازە، خواستن، درکە)، لەم توێژینەوەیەدا زیاتر باس لە دوو بابەتی ڕوونبێژی دەگرێت ئەوانیش (خواستن، درکە) لە شعری ئەحمەد موختار جافدا.

ڕوونبێژی زانستێکە دامەزراوە لەسەر چەند بنەڕەتێك بۆ دەربڕینی تاکە مانا لە ڕێگای جۆراو جۆرەوە کە هەندێکیان لە هەندێکی تریان ڕوونتر و ئاشکراترن (محسین ئەحمەد مستەفا، 2013: 118). ڕوونبێژی لە چالاکترین بەشی ڕەوانبێژییە، ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری لە بونیادی وێنەی شیعریدا دەبینێت، لەو زاراوە جێماوانەیە کە لە واتای وێنەوە نزیك دەبێتەوە هەمیشە شاعیران بۆ جوانی تێکستەکانیان لە هەموو سەردەمەکاندا پەنایان بۆ بردووە، کردوویانە بە ئامرازێك بۆ گەیاندنی مەبەستە کانیان بۆ خوێنەران، واتە: ئەو زانستەیە کە چەند ڕێگەیەکی جیاواز بەیەك واتا بۆمان دەردەبڕێت و ڕوونکردنەوە لە سەر واتای مەبەست دەدات ( Hemn Karim,2016,15). ڕونبێژی باسێکی زۆر فراوانە ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە پەردە لەڕووی گوزارە لادەدەن دەیخەنە بەرچاو، یان بیر و باوەڕێك دەگرن و دەیخەنە ڕوو بۆ ئەوەی گوێگر یان خوێنەر بتوانێت بگاتە بنج و بنەوانی، لە مەبەستەکان تێبگات (عەزیز گەردی، 1972: 18). ئەتوانین بڵێین ڕوونبێژی دەستێکی باڵای هەیە لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا و ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە لە بواری داهێنانی شیعریدا، ئەو ئامرازەیە کە ئەرکی لابردنی دەمامکە لەسەر واتاو ئاشکرا کردنی مەبەستەکان، ڕوونبێژی دیارترین و گرنگترین زانستی ڕەوانبێژییە کە چەند هونەرێکی تێدا کۆبووەتەوە کە ئەمانە پێکهێنەری وێنەی هونەرین بۆ جوانکردن و بەهێزکردنی دەقی شیعری.

### 3_1_ خواستن:

خواستن بریتیە لە وەرگرتنی شتێك لە یەكێكەوە بۆ ئەوەی بۆ پێویستیەكی دیكە لە شوێنێكی دیكە بەكاربهێنرێت، بۆنمونە پێنوسێك لە برادەرێك وەردەگری و دەیهێنی نوسینەكانی خۆتی پێدەنوسیت، هەروەها بۆ خواستنی كچێك لەماڵە باوكیەوە بەكاردێت، كە كوڕێك دەی خوازێت دەیهێنێتە ماڵەكەی خۆی وەك خێزانێكیان لێدێت و لە ماڵەكەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەكەیت، وەك دەگوترێت ئەم پێنوسەم لە فڵانی خواست، یان ئەو كچەمان لە فڵانی خواست، بەمشێوەیە ماناو واتای وشەی خواستن دەخەینە ڕوو (ئیدریس عبدللە، 2010: 125). خواستن وشەیەكە یان دەرپراوێكە، كە بە شێوەیەكی خەیاڵی بەكاردێت بۆ مەبەستی وەسفكردنی كەسێك یان شتێك، لە پێناو پیشاندانی ئەوەی كە دوو كەس یان دوو شت سیفەت و تایبەتمەندییان لەیەكەوە نزیك بێت، بە مەبەستی بەهێزكردنی سیفەت و تایبەت مەندییەكەیە لە دڕێگەی لایەكیانەوە بۆ ئەوی تریان (هەژار فەقێ سلێمان، 2014: 113). خواستن گرنگترین بابەتی ڕەوان بێژی و ڕوونبێژییە، كە هەر لە سەرەتای دەركەوتنیەوە تا ئێستە با یەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لێهاتووی شاعیر پیشان دەدات، لە بەكارهێنانی لە بەرهەمانیاندا، خواستن گەورەترین هونەری ڕوونبێژییە بۆ ئاشكراكردنی بابەتە شاراوەكان بەكاردەهێنرێت (شمیسا، 1381: 153). (تفتازانی، 1425: 593) دەڵێت: خواستن ئاسانترین و باشترین ناساندنی ئەوەیە كە بەكارهێنانی وشەیەكە یان ناو هێنانی شتێكە لە جێی ناوی شتێكی تر كەواتە خواستن هونەرێكی دیكەی ڕەوانبێژییە، كە ئەحمەد بەگی شاعیر لە دروستكردنی وێنە شیعرییەكانیدا بایەخێكی گرنگی پێداوە، ئەم هونەرە لە هونەرەكانی تر كورت پرترە و پلەی كاریگەری هونەری بەرزترە، چونكە لەم هونەرەدا چوێنراو پێچوێنراو دەچنە ڕەگەزی یەكەوە، هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نامێنێت، واتە بە نەهاتنی لایەكیان ڕاستەوخۆ خواستن دروست دەبێت.

ئەتوانین بڵێین خواستن بە شێكە لە بەشەكانی ڕوونبێژی لە لێكچواندن بە هێزتر و پاراوترە، ئەگەر چی ئەویش لە بازنەی لێكچواندندا دەسوڕێتەوە، بەڵام بەمشێوە ساكارە نایەتەدی بەڵكو لە ئەنجامی لێوردبونەوە و ئاستی مەعریفی خوێنەر هەست بەوە دەكرێت، كە لێچوو هەیە، بەڵام نادیارە ئەگەر بەراوردێك لە ڕووی سیمانتیكەوە لە نێوان خواستن و لێكچواندندا بكەین، دەبینین لێكچواندن زۆربەی زۆری بۆ ئاشكرا كردن و ڕوونكردنەوە بەكاردێت كە دەچێتە بابەتی وەسف بۆ دەرپرینی ئەندێشە، بەڵام خواستن زۆربەی بۆ هێز و توندی دەرپرین و كارتێكردنی لە گوێگران بەكاردەهێنرێت لەم ڕووەوە لە لێكچواندن بەهێزترە (نەوزەت احمەد عسمان، 1991: 96).

لێرەدا بەهۆی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەبینین، ئەم هونەرە نەك تەنها لە بواری ئەدەبدا كاری لەسەر كراوە و گرنگی خۆی پێدراوە، هەروەها لە بواری زمان و زانستی زمانیشدا لای زمان ناسانیش بایەخێكی تایبەتی پێدراوە، دەبێتە هۆی هێنانە كایەیی وشەی نوێ و واتای نوێ و لەدایكبوونی واتای نوێ لە ناو وشە كۆنەكاندا، بەوەش وادەكات ڕۆح بە بەری وشە كۆنەكاندا بكاتەوە. هەروەها توانیمان لە خواستن بگەین و لە چواندن جیای بكەینەوە، بە سود وەرگرتن و تێگەشتن لەو پێناسانەی سەرەوە بگەینە ئەو ڕایەی كە خواستن یەكێكە لە هونەرە هەرەبەرز و دیارەكانی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی لە هەناوی چواندنەوە هاتوەتە دەرەوە، هەروەها چواندنێكە كورت و چڕ كراوەتەوە بە نەهاتنی یەكێك لە لایەنەكانی چواندن، لە ئەدەبیاتی كۆن و نوێدا دەگمەنە شیعر خاڵی بێت لەم هونەرە بەرزانەی ڕوونبێژی، ئەحمەد موختاریش بێبەش نەبووە لەم هونەرانە زۆر بە لێهاتوانە توانیویەتی ئەم هونەرەمان

بۆ بخاتە بەردەست خوێنەر لە دەقە شیعرییەکانیدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**3-2- بنەڕەتەکانی خواستن:**

1- بۆ خواستراو: لە چواندندا بەرامبەر چوێنراو دێت.
2- لێخواستراو لە: چواندندا بەرامبەر پێچوێنراو دێت.
3- خواستراو: لە چواندندا بەرامبەر ڕووی لێکچون دێت، واتە ئەو سیفەتە یان ئەو شتە خواستراوەیە کە شاعیر دەیەوێت بیخوازێت بۆ شتێکی تر، باس بکرێت و باس نەکرێت ڕێڕەوی خواستنەکە ناگۆڕێت.
4- نیشانەی خواستن: ئەمەش نیشانەیەکی وشویی یا گوزارەییە کە بەرهەڵەستی ئەوە دەکات مانای دروستی وشەکەمان مەبەست نەبێت ( ڕۆکان گوزیل، 2014: 46).

بۆنمونە شاعیر لەم نمونەدا توانیویەتی هەرچوار بنەڕەتەکەمان بۆ دروست بکات:

مەیلی سەیری بەدر ئەکا دڵ، لادە زوڵفی دەرخە بەدری ڕوومەتی خۆت شۆخەکەی عالی وە حیجاب جەناب ل،68

شاعیر خواستنی بۆ دروستکردووین لە وشەی (بەدر) نیوە دێری یەکەمدا کە بە واتای ڕووی یار هاتووە، کە هونەری خواستن لەو وشەدا کۆبووەتەوە، بەو پێیەی کە چەند وشەیەکی تر لە دێڕەکەدا هاتووە، کە یارمەتیمان دەدات کە بڵێین ئەو وشەیە بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە، وەك: وشەی ( زلف و حیجاب) کە دوور و نزیکی پەیوەندی بە بەدروە نییە، بەڵکو مەبەستی یارەکەیەتی کە ویستویەتی لە جوانی و ڕووناکی و پرشنگداری بیشوبهێنێت بە بەدر.

ڕوومەتی یار...... بۆخواستراوە
بەدر....... لێ خواستراوە
جوانی و ڕوناکی یار........ خواستراوە
زۆڵف و حیجاب...... نیشانەی خواستنە. لێرەدا شاعیر هەرچوار بنەماکانی خواستنی بۆ دروست کردوین. لە نمونەیەکی تردا:

خوا کەی بێت کەمن پەشتانی باڵاو چ وەختێ پڕ بەدنگ بگرم دوولیمۆی نەورەسی قامەتی تۆ بم کاڵت ل،72

دوو لیمۆ هاتوە لێخواستراوە، بۆ خواستراو کە سنگی یارە نەهاتووە، چەند وشەیەك لە دێرەکەدا هاتووە کە یارمەتیمان دەدات بڵێین وشەکە بۆ مەبەستی خۆی بەکارنەهاتووە، کە ئەویش وشەی (چنگ) کە نیشانەی خواستنەکەیە، هەروەها وشەی (کاڵ) هاتووە کە دەبێتە خواستراوە ئەم وشانە پەیوەنییان بە مەمکی یارەوە هەیە، کە ویستویەتی بیشوبهێنێت بە دوو لیمۆ.

سنگی یار- مەمك........ بۆخواستراوە
دولیمۆ........لێخواستراوە
خڕ و کاڵ نەگەیوو..... خواستراوە
چنگ..... نیشانەی خواستنە. هەرچوار بنەماکەی خواستنی بۆ کۆکردووینەتەوە.

**گرنگی خواستن و مەبەستەکانی لە شیعریدا:**

لەدیوانە جوانەکەی شاعیردا ئێمە درکمان بەم نمونانە کردووە لە هونەری خواستندا ئەگرچی هەموو چەمکەکانی خواستنی لەخۆ نەگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی باش خواستنی بەکار هێناوە. خواستن وەك: دیارترین هونەری ڕەوانبێژی دادەنرێت لە ژانری شیعردا، لەبەر ئەوە

تاکە هونەرێکە مەودایەکی فراوان بۆ شاعیر دەهێڵێتەوە، وادەکات لە جوغوزێکی دیاریکراو نەسورێتەوە نهێنی و جوانی خواستن لە دوو لایەنەوەیە:

یەکەمیان: نەگۆڕانی بەکارهێنانی تەکنیکی خواستن، بەو هۆیەی هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعر جگە لە خواستن دەگۆڕێت، مادە، وشە، زمان، کێش، ڕێبازە بیریەکان، بەڵام خواستن وەك ڕێبازێکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە.

دووەمیان: تێکەڵکردنی سیفاتی شتە لەبنەهاتووەکانی دەوروبەرمانە، لەم ڕێگەیەوە شاعیر دەتوانێت بە تاکە تەکنیکێکی وەك: خواستن هەزارەها وێنەی شیعری دروست بکات، پێویستە ئەوە بخرێتە بەرچاو، خواستن تاکە هونەرێکە بە دوو ئاراستەی جیاواز کاردەکات. بەو مانایەی هونەرێکە لە لایەك کار لەسەر کەرەستەکانی زمان دەکات، لە لایەکی ترەوە لە واتایان دەگات، ئەم پرۆسەیە زمانێکی تر دەخولقێنیت لەناو زماندا، بە هۆی ئەو پەیوەندییانەی دروستی دەکات لە نێوان وشەکاندا، بەو هۆیەوە پەیوەندیە باوە وشەییەکان تێکدەدات و پەیوەندی نوێ دروستدەکات، کە پێشتر نەوتراوە و نە نوسراوەتەوە، بەمەش خواستن زیاتر کاری گەری دەبێت لە سەر هەست و دەرون و نرخێکی هونەری باشتر و زیاتر دروست دەکات( Hemn karim, 2016,111). ئەرك و ڕۆڵی خواستن تایبەت مەندی و قورسایی خۆی هەیە لە شیعردا.

**جۆرەکانی خواستن لە شیعری ئەحمەد موختار جافدا:**

1- بەپێی دوولایەنەکە
2- بە پێی ووشە خوازراوەکە

**1-1-** بە پێی هات و نەهاتی دوولایەنەکە
**2-1-** بە پێی هەستی و ژیری دولایەنەکە
**1-1-1** خواستنی ئاشکرا
**2-1-1** خواستنی شاراوە

**1-1-1 خواستنی ئاشکرا:**

جۆرێکی گرنگ و دیاری خواستنە کە تەنها لێ خواستراو تێیدا هاتبێت، لەپێناسەیەکی تردا خواستنی ئاشکرا ئەوخواستنەیە کە تێیدا پێچوێنراو دەردەکەوێت و چوێنراو دەرناکەوێت، بەم جۆرە خواستنەش دەگوترێت خواستنی ئاشکرا (احمد متلوب، کامل حسن بصیر، 1982: 350).

بەسەری تۆ قەسەم ئەی یوسفی لێوی شیرینتە تووتی شەکەر ئەفشانی من ل، کەنعانی من 108

لەم بەیتەی شاعیردا یوسفی کەنعان هاتووە کە لێخواستراوە، لە ڕووناکی و بەخشندەی بۆ یار کە وشەی یار نەهاتووە، چوێنراو دەرنەکەوتووە شاعیر لێرەدا سوێن بەیارەکەی دەخوات کە دەڵێت: تۆ بۆمن هەموو شتێکی واتە لە جوانی و ڕووناکی و بەخشندەیدا، ئەوەی مەبەستمانە یار نەهاتووە بۆخواستراوە یوسفی کەنعان هاتووە لێ خواستراوە بەمشێوەیە خواستنی ئاشکرا دروست دەبێت.

**خواستنی ئاشکرا دەکرێت بە سێ بەشەوە:**

**1-** خواستنی ڕێك
**2-** خواستنی هاودژی
**3-** جۆرەکانی خواستن

**1- خواستنی ڕێك:**

لە هەندێ سەرچاوەشدا خواستنی گونجاویشی پێ دەگوترێت، هەموو ئەو خواستنانە دەگرێتەوە کە هەردوو لای لێخواستراو بۆخواستراو پێکەوە بگونجێن، واتە ڕێکن گونجاون (عەزیز گەردی، 1972: 76). بەو واتایەی لەکاتی هێنانەوەی خواستنەکەدا سیفەتەکەیان گونجاو بێت وەك نوستن، مردن، نەخوێندەواری، تاریکی، ماناکانیان لە یەکەوە نزیکن.

لابەتوخوا پرتەوی شەمع و چرا لەم چونکە ئەم شەو هاتە مەجلیس ماهەکەی مەحفەلە تابانی من ل،110

خواستنەکەی لە مانگدا بۆ دروست کردووین، کە بەمانا دروستییەکەی خۆی نەهاتووە، بەڵکو بە مەبەستی (یار)ە کە دەرنەکەوتووە، بۆخواستراوە بە هۆی ئەو وشانەی کە لە دێرەکەدا هاتووە وەك: شەمع و چرا، یان هاتە مەجلیس. لێرەدا ئەتوانین ئەوە بیسەلمێنین کە مانگ نایەتە مەجلیس بۆیە بە واتای دروستی خۆی بەکار نەهاتووە، لەم دێرەدا مانگ و یار هەیە بە یەکەوە گونجاون واتە شاعیران هەر لە سەرەتاوە ئەم دوو وشەیان بە یەکەوە گونجاندووە، بۆیە ئەتوانین بە خواستنی گونجاو ناوی لێ بنێین، چونکە مانگ و یار لە ڕووناکی و میهرەبانیدا وەك یەکن گونجاون.

**2- خواستنی هاودژی:**

ئەم خواستنە خواستنی نەگونجاویشی پێدەگوترێت، ئەم خواستنەش لە سەر ئەساسی دژ یەکی درووست دەبێت، دژی یەکن وەك تاڵی و شیرینی، گەرمی و ساردی، مردن و ژیان (عەزیز گەردی، 1972: 77).

بەسەری تۆ قەسەم ئەی یوسفی لێوی شیرینتە تووتی شەکەر ئەفشانی من ل، کەنعانی من 108

خواستنی هاودژی لەم دێرەدا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرای هەستی پێدەکرێت ئەویش یوسفی کەنعان، لە ڕووی ڕەگەزەوە سەیر بکەین دژی یارەکەیەتی کە ئەم دوو وشەیە دژی یەکن نێر و مێ، خواستنی دژ یەکی بۆ دروست کردووین.

**3- جۆرەکانی خواستن:**

**3-1- خواستنی ئاشکرای گشتی:**

لەم جۆرە خواستنەدا هیچ پێویستمان بە بیرکردنەوە نییە بۆ گەران بە دوای وشەی خواستراو، چونکە وشەی هاوبەشی لێ خواستراو و بۆخواستراو ئاشکرایە، ئەو جۆرەنزیکیەی کە لە زماندا هەمانە پێویست بە گەڕان ناکات بە دوایاندا (دەریا جەمال، 2009: 213). لەم جۆرە خواستنەدا خواستراوەکان ئەو شتە باو وێنە دووبارانەن، کە زۆرێك لە شیعر و بابەتە هونەرییەکاندا دوبارە بوونەتەوە.

بەیادی ڕوومەت و حاڵت هەموو شەو تا بە منم مشغوڵی تەعدادی گرۆهی ماە و پەروینم سبحەینێ ل،101

لەم جۆرە خواستنەدا پێویستمان بە بیرکردنەوە نییە بۆ گەڕان بە دوای خواستراودا، واتە لێرەدا ماە بە واتای دروستی خۆی نەهاتوە بە مەست لە مانگ خواستنە لە یار، یان مەعشوق، چونکە یار بۆخواستراوە بە هۆی ئەو وشانەوە لە دێرەکەدا هاتوون یادی ڕوومەت و حاڵ پەروین، بۆیە کێ ڕوومەتی هەیە و بە یادی تابە یانی مەشغوڵ دەبیت دیارە کە یارەکەیەتی بۆیە ماە دەبێتە خواستن لێرەدا. ماە و یار جۆرە نزیکییەك لە نێوانیاندا هەیە دەتوانین بڵێن دەبێتە خواستنێکی ئاشکرای گشتی.

**3-2- خواستنی ئاشکرای تایبەتی:**

ئەو جۆرە خواستنەیە کە هاوبەشە واتە خواستراوەکان چڕ دەکرێنەوە تەنها خاوەن زانیارییە تایبەتەکان نەبێت لێی تێناگەن، واتە هاوبەشەکانیان شاراوەیە تەنها خاوەن بەهرەکان

دەیان ناسن هەموو کەس درکیان پێناکات ئەوانە نەبێت کە بەهرەو توانای بەرزیان هەیە (هەمان، 2009: 214). کەواتە دۆزینەوەی خواستراو لەم جۆرەدا کارێکی سانا نییە، پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفی باش هەیە.

ئەوەندە گەوهەر لە دوو چاوم ئەبارێنم لە نیگار داوێنی من ئەمڕۆ وەکو دەریای عوممان ل، هیجرانا 150

لەم جۆرەدا پێویستمان بە پاشخانێکی مەعریفی خوێندنەوەی شیعر هەیە، تاوەکو بتوانین کە مەبەست لە گەوهەر فرمێسکە، چونکە زۆر جار شاعیران ددان ئە شوبهێنن بە گەوهەر لە سپێتیدا، بەڵام لێرەدا شاعیر مەبەستی فرمێسکە کە زۆر بەنرخ بووەلای ئەوەندە فرمێسك لە دووچاوی هاتووە لە دوری و داپران و هیجری تۆ کە مەبەستی یارەکەیەتی، شوبهاندوویەتی بە نیگار دەڵێت: داوێنی من وەك دەریای عوممانە واتە لە سوێری و زۆریدا. گەوهەر لێخواستراوە هاتووە، فرمێسك بۆ خواستراوە نەهاتووە، دووچاوم نیشانەی خواستنە، بەنرخیەکەی گەوهەر خواستراوە.

### 3-1-1 خواستنی شاراوە:

لە پێناسەی خواستنی ئاشکرادا ئەوەمان خستە ڕوو کە ئەو خواستنەیە تیایدا پێچوێنراو دەردەکەوێت و چوێنراو دەر ناکەوێت، ئەگەر ئەم پێناسەیە پێچەوانە بکەینەوە ئەوا خواستنی شاراوەمان بۆ درووست دەبێت، واتە ئەو خواستنەیە تیایدا چوێنراو دەربکەوێت و پێچوێنراو دەرنەکەوێت. ئەو خواستنەیە کە بۆ خواستراو دەربکەوێت، یان یەکێ لە تایبەت مەندیەکانی پەیوەندی دار بە لێخواستراوەوە یان لێ خواستراودەرنەکەوێت (احمد پارسا، 1397: 79). زۆرجار یەکێ لە وشە نزیکەکان بە لێخواستراوەوە بەکاردەهێنین هەر بۆیەش بە شێك لە توێژەران پێیانوایە کە ئەم هونەرە بە خواستن نازانن. هەروەها خواستنی شاراوە بە شێوەیەکی بەرچاولای ئەحمەد موختار شاعیر دەبینرێت:

بێستون ئێستەش کە وەقتێ لالەی لێ باسی خوێنی دیدەو داغی دڵی فەرهاد ئەکا سەوز ئەبێ ل، 60- 64.

لەم دێرەی شاعیردا بێستون بۆ خواستراوە دەرکەوتووە بەڵام مرۆڤ لێ خواستراوە دەرنەکەوتووە، لێرەدا خواستنی شاراوەی بۆ دەرخستوین، ئەویش بە وشەی بێستون کە هێناویەتی شاخی بێستونە قسەناکات، بەڵام شاعیر توانیویەتی بێستون بێنێتە قسە، کە خواستراوە بۆ مرۆڤ وە مرۆڤی هێناوە لێخواستراوە دەرنەکەوتووە، بێستون بۆ خواستراوە زۆر بەڕوون و ئاشکرا دەرکەوتووە.

### 3-1- بە پێی هەستی و ژیری دولایەنەکە:

هەروەك چۆن لەهونەری چواندندا باس هەستی و ژیری دولایەنەکە دیاریدەکرێت بە هەمان شێوەش لە هونەری خواستنیشدا دیاری دەکرێت، بەڵام جیاوازی چواندن لەگەڵ خواستندا هەیە لە خواستندا تەنها لایەنێکیان ئامادەیە بەڵام لە چواندندا هەردوو لاین ئامادەن، بە هەمان شێوەی چواندن لە خواستنیشدا چوار جۆرن، بەڵام لای ئەحمەد موختاری شاعیر هەرچوار جۆرەکەی بەکارنەهاتوون، ئەوەی ئێمە درکمان پێکردووە تەنها هەستی بە هەستییە. واتە دوو لایەنەکە هەستی بن و بەر یەکێ لە هەستەکان کەوتبن و هەستیان پێبکرێت، ئاساییە ئەگەر خواستراوەکە هەستی بێت یان ژیری بەڵام بە زۆری هەستی دەبێت(هەژار فەقێ سلێمان، 2014: 137).

ملی کەچکرد وەنەوشە کەوتە بەر پێت وە کە دەرکەوت خاڵی لێوت تێگەیی شێت و خەتابارە قەباحەتبار ل، 121

لەم بەیتەدا وەنەوشە هاتووە بۆ خواستراوە دەرکەوتووە، واتە خواستنی هەستی بە هەستی بۆ دروست کردووین مرۆڤ لێ خواستراوە نەهاتووە، بەڵام دڵتەنگی مرۆڤی خواستووە بۆ وەنەوشە واتە مرۆڤ کە لێخواستراوە هەستیە وە وەنەوشەش بە هەمان شێوە هەستییە، مەبەستی شاعیر لە وەدایە کە دەڵێت: وەنەوشە ملی کەچکرد کە یارەکەی دەرکەوت وەنەوشە تێگەیی کە شێت و خەتابارە گوناحکارە و خراپەکارە بۆیە دەڵێن وەنەوشە ملی کەچکرد.

نەخۆش کەوت نێرگسی بێچارە بۆ ئەو چاوە   قەدی نوشتایەوە عەرعەر کەدی باڵای ئەو یارە
بیمارە   ل، 121

لەم دێرەداخواستنی شاراوەی هەستی بە هەستی بۆ دروست کردووین، کە وشەی عەرعەر بۆ خواستراوە هاتووە هەستی یە، هەروەها مرۆڤ لێخواستراوە دەرنەکەوتووە هەستی یە. بۆیە هەردوو لا بۆخواستراو و لێخواستراو هەردووکیان هەستین، مەبەستی شاعیر کە دەڵێت: (قەدی نوشتایەوە عەرعەر کە دی باڵای ئەو یارە) واتە باڵای یار ئەوەندە جوان و رێك و بەرزە عەرعەر بە بینینی خەجاڵەت بووە، بۆیە قەدی نوشتاوەتەوە، مەبەستی شاعیر لە قەد باڵایە نوشتانەوەی قەد خواستراوە لە مرۆڤەوە هاتووە بۆ عەرعەر.

فیدات بم چۆن بنوسم شەرحی حوسنت   لە تەعریفی زوبانی خامە لاڵە   ل، 156

لەم بەیتەدا بۆ خواستراو خامەیە، هاتووە و هەستییە، شاعیر مەبەستی لە وشەی خامە قەڵەمە کە لەلای نالی سالم محوی بە هەمان شێوە بەکارهاتووە وتراوە، مرۆڤ لێخواستراوە نەهاتووە هەستی یە کە سیفەتی لە مرۆڤەوە خواستووە بۆ خامە، لێرەدا شاعیر نەیی توانییوە بنوسێت وەسفی جوانی یارەکەی بکات بۆیە دەڵێت: خامە لاڵە واتە قەڵەمەکەی دەستم لاڵ بووە، توانای نوسینی نەماوە لە حەسرەت جوانیت.

### 3_2_ درکە:

ئەم هونەرە یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی زانستی ڕەوانبێژی لەپاڵ هونەری چواندن و خواستندا کە پێشتر باسکراون دواین هونەری ڕوونبێژییە، هونەری درکە هونەرێکی واتایی قوڵە لە ئاستێکدایە لێکدانەوەی ئەم هونەرە پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفی و کولتوری و زمانی قوڵ هەیە، ئەم جۆرە هونەرە واتایی زمانی تێدا بەکاردێت لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەکارهاتووە، هەروەها گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، سەبارەت بە ڕۆڵی درکە وەك هونەرێکی ڕوونبێژی بۆ پێکهێنانی ئەو وێنە شیعریانەی بە وێنەی ڕوونبێژی ناسراوە. درکە وێنەیەکی ڕوونبێژییە بونیاد دەنرێت لە سەر بنچینەیی پەیوەندییەك لە نێوان دوو واتادا پاشان پەیوەندییەکی بەستراوە لە نێوان ئەو واتا دیارەی کە زاراوەکە خۆی دەیگەیەنێت لەگەڵ ئەو واتایەی کە لە گواستنەوەکەدا مەبەستییەتی، چونکەبەهایەکی ڕاستە قینە نییە بۆ ئاشکرایی زاراوەکە لە خودی خۆیدا بەڵکو تەنها هەنگاوێکە کە ڕێرەو ڕۆشن دەکاتەوە بۆ واتایەکی تر و ئەو واتایەی کە ئاخاوتنەکە مەبەستییەتی (دەریا جەمال، 2009: 226). درکە بریتییە لە ڕستەیەك بۆ غەیری واتای دروستی خۆی بەکاردێت و واتایەکی درکاو دەگەیەنێت، هەرچەندە هیچ ڕێگریەك نییە لەوەی ڕستەکە بۆ واتای دروستیش بەکار هاتبێ ئەوەش لەبەر ئەو لێکچونەیە کە لەنێوان دەربڕینی درکاو واتای درکاوی ڕستەکەدا هەیە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: درکە وێنەیەکە بە پێکهاتەکەی خۆی بەرەو واتایەکی ترو مانایەکی ترمان دەبات (ئیدریس عەبداللە، 2014: 190). د. عبدول سلام سالار لە نامەی ماستەرەکەیدا سەبارەت بە درکە دەڵێت: جۆرێکە لە پاشگەزبوونەوە لەبەکارهێنانی واژەی بنەڕەتی بۆ واتایەك و بەکارهێنانی واتایەکی تر بۆ ئەو واتایە بە هەندێ شیکردنەوە، دەبێت پەیوەندیەك لە نێوان ئەو دوو واژەیەدا هەبێت (عبدول سلام سالار، 2010: 118). لای شاعیرانیش درکە پێویستیەکی داهێنانی شیعرییە چونکە بەها هونەرییەکەی کاریگەریەکی کارای هەیە لە

پێکهێنانی وێنەو دەرخستنی سیما هونەریە شاراوەکانی، کە بە ڕواڵەتەکانی داهێنان و جوانی ڕوون دەبێتەوە و دەدرەوشێتەوە ژیان دەکات بەر ئەووێنەیەی کە ئاماژە بە هێزی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و هۆکارەکانی تری چوار دەوری دەدات(سعد فاروق یوسف، 2011: 177-188). ئەمانەو چەندین پێناسەی تر لەسەر درکە باسکراون، لەم توێژینەوەدا تەنها چەند ڕاو بۆچوونی چەند مامۆستایەکمان خستوەتە ڕووەوە. ئەحمد موختار جاف بەمشێوەیە نمونەی بۆ هێناوینەتەوە کە دەڵێت:

وەتەن فەرمووی بە خەندەی نازەوە هەر وە ئەماحەیفێ کەچەند ساڵ ئەسیری پەنجەی پەری وامە دێوم ل، 93

لەم بەیتەی شاعیردا زۆر وەستایانە هاتووە دوو هونەری تێدا کۆکردووەتەوە هونەری لێکچواندن کە بابەتی ئێمەنییە، هونەری درکەی بۆ هێناوینەتەوە واتە لە نیوە دێڕی یەکەمدا لێکچواندنە لەنیوە دێڕی دووەمدا درکەیە، وێنەکە لەسەر بنچینەی درکە دروست بووە کە لە وشەی دێو دایە کە وشەی دێو شاعیر بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان بە کاری هێناوە بەڵکو شاعیر ڕاستەوخۆ بەکارنەهێناوە بەڵکو بەرجەستەی کردووە دەڵێت: چەند ساڵە ئەسیری پەنجەی دێوم بۆیو درکە لە خودی شتەکەدایە شاعیر نەیتوانیوە بە سەربەستی و ئازادانە ڕای خوی دەربڕێت جا لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت، بۆیە هەر بەهەمان شێوە باسی نیشتمانەکەی دەکات ئەڵێ: چەند ساڵە ئەسیری دەستی داگیر کەروو دوژمنانی نیشتمانەکەیەتی، شاعیر دەبێتە ئامرازێك کار کردنە سەر دەروونی خەڵکی ئەو سەردەمە وروژاندنی خوێنەر هاوڕای وهاوسۆزی خوێنەر و خەڵکی ئەو سەردەمە، وشەی دێو، درك پێکراوە بەڵام دوژمن ناحەز داگیر کەر، درك بۆکراوە.

بنەڕەتیەکانی درکە: لێکۆڵەران و زانایانی ڕەوانبێژی بنەڕەتەکانی درکەیان بەسەر سێ جۆردا پۆلێن کردووە، هاوڕان لەسەر ئەوەی هونەری درکە لە سەر ئەو سێ کۆڵەکە وەستاوە و بونیاد نراوە:

**1- درك پێکراو:** بریتییە لە واتای دروست کە زاراوەکە بۆی بەکارهاتووە لەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەستەکە، یان بە واتایەکی تر بریتیە لە دەربڕاوە دیارەکە کە قسەکەر وەك بەڵگەیەك بەکاری دەهێنێت بۆ مەبەستی دیاری کراوی خۆی.

**2- درك بۆکراو:** بریتیە لە واتای پەیوەستی درکپێکراوەکە کە قسەکەر لە ڕێگەی درکەوە هێما و ئاماژەی بۆدەکات.

**3- نیشانە، قرینە:** بۆ بوونی واتا درکەیەکەیە، ئەو بنەڕەتەی درکە بە بنەڕەتێکی گرنگ دادەنرێت نیشانە لە درکەدا دەبێت بە هۆیەك بۆ بەرگری کردن لە بوونی واتا دەرەکییەکە، واتە نیشانەی درکە جیایە لە نیشانەی خوازە (دەریا جەمال، 2009: 241-242).

گەر بڵێی ئەحمد لە یاری بۆسەیێ ڕوو ئەچەرخێنێ لە تۆ و گوێی لەو قسە سەنگین داوابکا ئەکا ل، 66

گوێ، درك پێکراوە ، خۆگێلکردن سەنگین، درك بۆ کراوە، لەم بەیتەی شاعیردا بنەڕەتەکانی درکەی بۆ دەست نیشان کردووین درك پێکراو ، درك بۆکراو.

بەڵام لە هەندێ لە سەرچاوەدا خاڵی سێیەم وەك بنەڕەتەکانی درکە دیاری نەکراوە، لە بەرامبەر درك پێکراو زاراوەی دەربڕینی درکاو بەکارهێنراوە، لەبەرامبەر درك بۆکراو زاراوەی واتای درکاوی بۆ بەکارهێنراوە، بەهەرحاڵ هەرسێ بنەڕەتەکە گرنگی و تایبەت مەندی خۆیان هەیە لە درکەدا.

**جۆرەکانی درکە لە شیعری ئەحمەد موختاردا:**

1- درکە لە سیفەت

2- درکە لە خود
3- درکە لە هاوگری
**1- درکە لە سیفەت:**

درکەی ئاوەڵناویشی پێدەگوترێت: ئەم جۆرە درکەیە وا دروست دەبێت کە درکەکە سیفەتی دیاری کراوی کەسێك یان شتێك بدرکێنێت، وەك ئازایەتی، جوانی ، گەرمی، هەژاری،.... واتە ڕاستەوخۆ ئەو سیفەتە دەرناخات کە مەبەستیەتی، بەڵکو هەڵوێستێك پیشان دەدات لە وێوە ئەتوانین سیفەتەکە دیاری بکەین، ئەتوانین ئەم جۆرەیە بە سیفەتی سیفەت بناسێنین (دەریا جەمال، 2009: 248).

لۆمەم مەکە کە من ئەمەوێت ڕووبەڕووت بێ بەرگ و ڕووت و قوتم و مەیلی مەیلی هەتاو ببم ئەکەم ل، 97

بێ بەرگ و ڕووت و قوتم، درك پێکراوە لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە، هەژاری و فەقیری و دەست کورتی، درك بۆکراوە واتە شاعیر مەبەستیەتی سیفەتی خۆی بخاتە ڕوو کە هەژارییە، کە دەڵێت هەرچەندە هەژار و دەست کورتم خەڵکینە مەنعم مەکەن کە عاشقی ئەو یارە بووم کە وەك هەتاو وایە لە ڕووناکی و جوانی و بەخشندەیدا، لێرەدا ئەوەمان پێدەڵێت کە یارەکەی لە ڕووی مادییەوە زۆر لەمان بالا دەستر بوون هەر بۆیە شاعیر خۆی دەکات بە هەژارێکی فەقیر و دەست کورت و بێدەسەڵات و دەپاڕێتەوە دەڵێت لۆمەم مەکەن، بەم جۆرە درکانە دەوترێت درکە لە سیفەت یان ئاوڵناوی چونکە وەسفی هەژاری شاعیر دەکات و جوانی و بەخشندەی یار.

**دووجۆر درکەمان هەیە لە سیفەت:**

**1-1- درکە لە سیفەتی نزیك:**

ئەو درکەیەیە کە هیچ هۆیە واستەیەکی تیادا نەبێت بۆ گواستنەوەی بیر لەپەیوەستەوە بۆ پەیوەستراو، بۆیە درکەی نزیکی پێدەوترێت، چونکە خوێنەر ڕاستەوخۆ لێی تێدەگات و وەری دەگرێت، یان ئەو جۆرە درکەیەیە کە بە تەواوەتی واتای مەبەست دەگێزێتەوە لە ڕێگەی نزیکترین پەیوەستەوە (عەزیز گەردی، 1972: 90).

لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەر تانە خەو زەرەرتانە ل، 157

لەخەو هەڵسن، درك پێکراوە، بە ئاکردنەوە، وریاکردنەوە، درك بۆکراوە، واتە لە شەرحی ئەم بەیتەدا شاعیر درکەی بۆ دروست کردووین لە وشەی لەخەوهەڵسن کە مەبەستی شاعیر خەو نییە بە مانای کەلیمە بەڵکو بە ئاگبوونەوە و وریاکردنەوەیە دەڵێ وشیاربن لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە لەو سەردەمەدا کراوە لە لایەن دەسەڵاتدراوانەوە، مەبەست لە درکە لە سیفەتی نزیك ئەوەیە کەدیڵێین لەخەوهەڵسن یەکسەر ئەتوانین درك بەوە بکەین کە مەبەستی بە ئاگابوونەوەیە واتە واتاکەی نزیکە.

وتم بەو حیزە ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە بخۆ دانێ بە مەیلت لنگ لەسەر لنگ ل، 81

لنگ لەسەر لنگ، درك پێکراوە، پاڵدانەوە و ئیسراحەت و قاچ خستنە سەر قاچ، درك بۆکراوە، لەم دێرەدا درکەی نزیکی لە وشەی لنگ لەسەر لنگ بۆ دروست کردووین، مەبەستی شاعیر لە واتای درك بۆکراودا ئیسراحەت و پالدانەوەیە واتاکەی نزیکە، بۆیە بە درکەی سیفەتی نزیك بەکاری دەهێنین.

**2-1- درکە لە سیفەتی دوور:**

ئەو درکەیەیە کەلە نێوان هەردوو واتا درکەییەکەدا چەند نێوەندێك میانگیرێك هەبێت بۆ گەشتن لە پەیوستەوە بۆ پەیوەستراو، ئەمەش بە ئاسانی ئەنجام نادرێت (هەژار فەقێ صلێمان، 2014: 177). هەر سەبارەت بەم جۆرە درکەیە عەزیز گەردیش دەڵێت: ئەو درکەیەی کە زەین بە

هۆی چەند سەبارەت و باسێکەوە لە پەیوەستەوە بۆ پەیوەستراو بچێت، واتە ئەبێت دەلێلێکی زۆر هەبێت و هێنان و بردنێکی زۆر بکەیت تا بگەیت بەو سیفەتەی کە ڕستەکە ئەی درکێنێت، هەر لەبەر ئەوەش پێی دەگوترێت درکەی دوور (عەزیز گەردی، 1972: 91). ئەم جۆرە درکەیە لە درکەی نزیك کاریگەرتر و بەهێزترە چونکە ئەو شاعیر یان ئەو قسەکەرەی پەنا ئەباتە بەر ئەم جۆرە درکەیە پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفی و کلتوری زمان هەیە.

ئەی خودا تاکەی لەدەرهەق من وەفاو بۆچ گلۆڵەی بەختی من هەر ڕوو لە جێگەی لێژ ئەکا
مەیلی نی یە ل، 61

گلۆڵەی بەخت، درك پێکراوە، بێشەنسی و بێبەختی و بەد بەختی، درك بۆ کراوە، واتە شاعیر مەبەستیەتی لە وشەی گلۆڵەی بەخت درکەی دوورمان بۆ دروست بکات، کەمەبەست لە گلۆڵەی کلاش یان شلیرە نییە بەڵکو وات دورەکەی بێشەنسی و بێ بەختی و نەگبەتی شاعیرە، واتە درك بۆ کراوەکە بێ بەختی بێشەنسیە، دەڵێت: بۆ گلۆڵەی بەختی من هەر ڕوو لە جێگەی لێژ ئەکات بۆیە بەختی من ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبێت و زیاتر ئەبێت، لێرە خوێنەر پێویستی بە مەعریفیەکی باش هەیە تا بتوانێت مەبەست لە گلۆڵەی بەخت چییە، پێویستە بە عەعل لەوە تێبگەین مەبەستی بێ شەنسی و بێ بەختی شاعیرە.

## 2- درکە لە خود:

ئەم جۆرە درکەیە بریتییە لە سیفەتێك یان چەند سیفەتێك دەگوترێ کەتەنها لەیەك شتدا هەن بەو شتان دەگەینە خاوەنی سیفەتەکان، کە مەوصوفە یان زاتە وەك: نانە خۆری، پێنج ئەنگوست، چڵکی دەست، لەم جۆرە درکەیەدا لە سیفەتەوە بۆ مەوصوف دەچێت، بەڵام لە جۆرەکەی پێشودا درکە لە سیفەتەوە بۆ سیفەت دەچوو ڕوونتر بڵێین درك پێکراو سیفەتەو درك بۆکراو مەوصوفە (عەزیز گەردی، 1972: 91). عەزیزگەردی پێی وایە زۆر بەی ئەومەتەڵانەی لە کوردەواریدا هەیە لەم جۆرە درکەیەن.

سەیری ڕەقیب کەوەك سەگە بۆ هەر لوورە لووری یە لە فیراقی جەمالەکەت ل،
مانگەشەو بە شەو 75

لەم بەیتەی شاعیردا هونەری درکەی خودی بەکارهێناوە لە وشەی سەگە بۆ مانگەشەو دایە کە مەبەستی لە ڕەقیبە لە وەڕینی ڕەقیبە کە وەك سەگ دەوەڕێت لە یارەکەی کە وەك مانگەشەو پاك و نازدار بووە لە لایەك مەبەستی پاکی و بێگەردی یارەکەی بووە، لە لایەکیتردا پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێت سەگ بە مانگەشەو وەڕینە واتە کە مانگەشەو بوو هەمیشە سەگی ترسنۆك دەوەڕێت چونکە بێ غیرەتە و هیچ توانایەکی نییە، سەگە بۆمانگەشەو، درك پێکراوە، وەڕینی ڕەقیب وەك سەگ، درك بۆ کراوە، لە سیفەتەوە بۆ مەوصوف چووە.

## 2-1- درکە لە خودی نزیك:

درکەی خودی نزیك ئەو جۆرە درکەیەیە کە بیری مرۆڤ بۆ گواستنەوەی مانا لە پێوستەوە بۆ پێویستراو نەکەوێتە زەحمەتەوە و بە ئاسانی و بە بێ واستەیەك بتوانێت لە مەبەستەکە بگات، بۆ نمونە هێمن لە بەسەرهاتەکەی خۆیدا باسی ژنێك دەکات بە ناوی دایە مروەتەوە کە دەڵێت دایە مروەتی سەر سپی ڕەفیقی دایکم بوو، سەر سپی واتە بەساڵاچوو یان بە تەمەن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بەهیچ نییە بە ئاسانی هەمووکەس تێدەکات سەرسپی بە واتای بەتەمەن دێت (احمد پارسا، 1397: 94).

ئیشارەی کرد برۆی یەعنی کە بۆ قەتڵی لە پشتی چاوی یارۆ جێگەی سەد زوڵفەقار
دڵی عاشق ئەگرم ل، 88

زولفەقار، درك پێکراو، خەنجەرەکەی ئیمامی عەلی، درك بۆکراوە، لە شەرحی ئەم دێرەدا درکە لە نیوەدێری دووەمدا دروست بووە کە لە وشەی زوڵفەقار دایە کە بە مانای کەلیمە نەهاتووە

بەڵكو مەبەست لێی شمشێرەكەی ئیمامی عەلییە كە درك بۆكراوە لە زمانی كورداندا باو بڵاو بووە، پاشان مەبەستی شاعیر برۆی یارەكەیەتی كە دەڵێتبە كوشتنی ئاشقان جێگای سەد زوڵفەقار ئەگرم، كەواتە برۆی یارەكەی وەك شمشێرەكەی ئیمامی عەلی وابووە كە عاشقانی پێ كوشتووە وەك چۆن بێ پرواكانی پێ ئەكوشتن ئەمیش بە هەمان شێوە عاشقانی پێدەكوشت، ئەم نمونەیە بۆ خودی دورو نزیك بە كار دێت بەڵام ئێمە بۆ نزیك بەكاری دەهێنین.

**2-2- درکە لە خودی دوور:**

ئەمەیان پێچەوانەی درکەی خودی نزیکە ئەو درکەیەیە کە سیفەتەکە یان سیفەتەکان ڕاستەوخۆ و بێ ورد بوونەوە خودی شتەکە نەدرکێنن بەڵکو بەچەند هۆ و سەبارەتێك هەبێ کە سیفەتەکە یان ئەو سیفەتانە بگەیەنێت بە شتەکە وەکو بۆ درکاندنی ئادەمیزاد بڵێی گیان دارێکی ڕەوانە ئەمەش پێویست بە لێکدانەوە دەکات (عەزیز گەردی، 1972: 91).

عادەتی ئەم چەرخە وایە ئەهلی دڵ شا هەمیشە ماتە پیادە مەیلی جێی فەرزین ئەكا غەمگین ئەكا
ل، 64

لەم دێرەدا شاعیر وشەی چەرخی بەکار هێناوە کە بەواتا دروستییەکەی خۆی بەکارنەهاتووە، واتە درکە لە چەرخ دایە کە مەبەست لە چەرخ واتە: زەمانە یان دونیا وای لێهاتووە ئەهلی دڵبەڵام نیوەدێڕی ئەم بیتەدا شاعیر درکەی لە خودی دوور بۆ دروست کردو غەمگین دەکات، لیرە ئەهلی دڵ ، غەمگین، شا، پیادە ئەمانە هەموویان ئەو واتاو سیفەتانە دەگەیەنن کە چەرخ بە واتای خۆی بەکار نەهاتووە، چەرخ درك پێکراوە ئاشکرا دیارە، زەمانە دونیا درك بۆ کراوە، بە ئاسانی لێی تێناگەین بە هۆی چەند وشەیەکی ترەوە لە دێرەکەدا لە مانی چەرخ تێدەگەین. واتە لێرەدا چەرخ دەبێتە درکە لە زەمانە و دونیا لە خودی دوور.

**درکە لە هاوگری:**

ئەم جۆرە درکەیە هەمیشە ڕستەیەو لە دوو جۆرەکەی دیکە زیاتر بەکاری دەهێنین لەم جۆرە درکەیەدا مەبەست هۆگری شتێکە واتە پشتی دەست گەستن، کەبە مانای سەرسوڕمانە(احمد پارسا، 1397: 95) ئێمە نەمان توانی لە دیوانەکەی شاعیردا درك بەم جۆرە درکەیە بکەین.

**جیاوازی نێوان درکە و خواستن:**

هەردوو هونەری خواستن و درکە دوو هونەری سەر بەیەك زانستن کە زانستی ڕوونبێژییە، بۆیە ئاشکراو ڕوونە لە زۆر ڕووەوە جیاوازن و لە زۆر ڕووەوە تەریب و وەك یەکن، زۆر جار لێك نزیك ئەبنەوە و یەك ئەرك ئەبینن لە دووخاڵدا لێکچوون و جیاوازیەکانیان دەخەینە ڕوو:

1- جیاوازی سەرەکی نێوان درکە و خواستن لە درکەدا ڕێگری لەوە ناکرێت کە مانا ئەسڵییەکەی مەبەستبێت، بۆ نمونە بەکەسێك دەڵێن (دەست کورت) دەشێت سەرەڕای هەژاری و فەقیری مەبەستی لە مانا ئەصڵیەکش بێت کە هەر بە مانای کەلێمە دەستی کورتە واتە کورتی ئەدامی دەستی لێك بدرێتەوە. هەروەکا هەمی بەکارهێنانی هونەری درکە لای شاعیر.

2- لە پاڵ هونەری درکەدا کۆمەڵێك بابەت دەشاردرێتەوە جا بەهەر مەبەستێك بێت، دەشێت بەهۆی ڕەخنەوەبێت، یان بەهۆ سیاسیەوە یان بەهۆی شەرم کردنەوە یان هەر هۆکارێکی تر و بە ناڕاستەوخۆ دەربیرێت، بەڵام مەبەست لەخواستن ئەرکی خواستن کەمێك جیاوازترە. لە خواستندا زیاتر لێکچواندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بە نەهاتنی لایەکان ڕاستەو خۆ خواستن دروست دەبێت، ئەحمەد موختار بە جیاوازی درکە لە شیعرەکانیدا خواستنی بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە.

3- هەردووهونەری درکە و خواستن لە دوو ئاستدان ئەوانیش درکە پێویستی بە چوێنراو پێچوێنراو نییە، بەڵام خواستن ئەبێت ئەم دوو بنەڕەتەی لێکچواندن یەکێکیان بێت بۆ ئەوەی خواستن دروست ببێت.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا توانیمان بگەین بە چەند ئەنجامێك

1- لە دەقە شعرییەکاندا ئەم زانستەی زۆر بە وردی و هونەریانە بەکارهێناوە لە دروستکردنی وێنە شیعرییەکاندا، ئەمەش بەهۆی کاریگەری شاعیرانی پێشخۆی و شاعیرانی نەتەوەی دراوسێکانەوە بووە، چونکە ڕاستەخۆ گاریگەری شاعیرانی لەسەربووە بۆیە ئەمیش زۆر شارەزایانە توانیویەتی برەو بەم زانستە بدات، وێنەی درکەی تایبەت بە خۆی هەیە لە دەقە شیعرییەکانیدا.

2- یەکێ لە سیما تایبەتەکانی شعرییەت بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕوونبێژییە، شارەزابوونی شاعیر و بە ئاگابوونی لە قورعانی پیرۆز بەئاشکرا دیارە و دەبینرێت، ئەمش بوهوەتە هۆی پێگەیاندنی ئەو شاعیرانە لەو سەردەمەدا. لێکدانەوە شیکردنەوەی شیعرەکانی شاعیر لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە تێگەشتن ئاسان دەکات و چێژی شیعری زیاتر دەکات.

3- دواهونەری ڕوونبێژی هونەری درکەیە، ئەم هونەرە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شاردتەوە، هاوواتا ئاماژەی خێرایە بە هونەرێکی بەرز و کاریگەر دادەنرێت، دەرپرین کورت و پوخت و چڕ دەکاتەوە، شاعیریش وەك ڕەخنەگرێکی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و دەرپرینی ئەم ڕەخنانەش لە ڕێگەی شیعرەوە بە شاراوەی دەبێت ئەمەش لێهاتووی شاعیری بۆ دەرخستووین.

4- خواستن لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا، هونەرێکە توانای خوڵقاندنی شیعریەت و لادانی زۆرە بۆ تێکەڵ کردن و گواستنەوەی تایبەتمەندی شتەکان و لە جێدانانیان، ئەم هونەرەش وەك هونەرێکی بەرز بەکارهاتووە بە هونەرێکی پوخت و چڕ ناسراوە، شاعیر لە هونەری درکەدا نەیتوانیوە وەك پێویست نمونە گەلێکمان بۆ دروست بکات بە جیاوازی هونەری خواستن.

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی:**

**کتێبەکان:**

ئیدریس عەبدوالله،( 2014)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، هەولێر،

ئیدریس عبدولله،(2011)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا،(بە نمونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیدا)،چاپخانە، هاشم، هەولێر.

ئیدریس عبدوالله،(2012)، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

احمد پارسا،(1397)، ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، سنندج، چاپ نالی.

دەریا جەمال حەوێزی،( 2009)، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری شەهید بەتەنیا پیاسەدەکاتی قوبادی جەلیل زادە، سلێیمانی.

ڕەفیق حیلمی،( 1941)، شعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرگی یەکەم، بغداد.

عیزەدین مصتفی ڕەسوڵ،( 2016)، دیوان ئەحمەد موختار جاف، چاپ تهران، پەنجەرە.

عزیز گەردی،( 1972)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، بغداد.

مارف خەزنەدار،( 2010)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم ، چاپی دووەم هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.

محسین ئەحمەد مصتفی گەردی،(2013)، بەهاری ڕەوانبێژی، واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری، هەولێر، چاپی یەکەم.

هەژار فەقێ صڵێمان حسێن،( 2014)، ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا، چابخانە، سەردەم، سلێمانی.

**نامەی زانکۆی:**

عبدول سەلام سالار،( 2010)، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

نەوزەت احمەد عسمان،( 1991)، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەنمونە مەلای جزیری و نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاحدین.

Hemn Karim M. Salih,(2016), Runbêjîyê di helbestên Ehmed Muxtar Caf de, Teza Lîsansa Bilind, Zanîngeha Yuzuncu Yilê, Wan.

**کتێبە فارسی و عەرەبییەکان:**

الدكتور احمد مطلوب و الدكتور كامل حسن البصير،( 1982)، البلاغة و التطبيق, الوزارة التعليم العالي و بحث العلمي, التبعة الاولي.

تفتازاني, (1325)، سعدةدين مسعود بن عمر, المتول, شرح تلخيس المفتاح, بيروت, بار الحياء التراس العربي.

شميسا, سيروس,( 1381)، البيان, انتشار, نوهم, تهران, قردوس.